# لەدوای بریاری دادگاوە

# ئیتر هەقوایە کەلتوری بەعس بێتە شەرمێکی گەورە



**عومەرمحەمەد**

دەسەڵاتدارێتی بەعس بەتایبەتیو دەوڵەتی عێراق بەگشتی پێکەوە تێکۆشاون، سیاسەتە جینۆسایدیەکانیان، لەدژی کورد پیادەبکەن، ناسنامەی بسڕنەوەو مێژوو کەلتوری بدزن، تێکۆشاون ژیان لەبیرمرۆڤی عێراقی بەگشتیو کورد بەتایبەتی بەرنەوە، هەقوایە ئیدی لەدوای بریاری دادگاو بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال، هەموو ئەوخەمساردییەی رابوردو هەڵوەستەمان پێبکات، ئێستا گەلی کورد لەسەرئاستی نیودەوڵەتی وەکو زیندانیەکی بریندارو تازە ئازادکراو دێتەپێشچاو، کەتەمو مژو ئاڵۆزییەکی ئەوتۆ لەسەردۆسێکەی نەماوە، بەرلەهەرشتێك پێویستی بەوەیە ماڵێك بۆخۆی بدۆزێتەوەو سەرلەنوێ خۆی تێدا بنیاتبنێتەوە، ئەمەو هاوکات دەبێت خەریکی سارێژکردنەوەی برینەکانیوچارەسەری نەخۆشیەکانیشی بێت، ئێستا کوشندەترین نەخۆشی بە رۆحو جەستەی کوردەوە، کەلتورو ئەخلاقیاتی بەعسە، بۆیە بەهەر نرخێك بووە، دەبێت دەوای ئەو نەخۆشییە بدۆزێتەوە، بەرەو شەفافیەتو پرنسیپە دیموکراسیەکان هەنگاو بنێو بەجورئەتەوە بەرگی ئێستای فرێبدا، ئەوکلتورە تاریكو خۆپەرستو مرۆڤ کوژە، توڕبداتو ڕووبەروی ببێتەوە، لەهەمانکاتیشدا پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

راستە شەرکردن لەگەڵ بەعسیزمو کوشتنی رەوشتەکانی، هێندەکارێکی سانانین، لەبەرئەوەی لە سایکۆلۆژییەتی تاکی کۆمەلگای عێراقیو کوردستانیدا بەقوڵی ریشەیان داکوتاوە، شەڕ لەگەڵ بەعسیزمدا شەرێکی سەرتاپاگیرە، لەهەموو مەیدانەکانی ژیاندا، کابوسی بەعسو کارەکتەری بەعسیو رەفتاری بەعسیانە رووبەرومان دەبێتەوە، لەقوتابخانەو فەرمانگەکاندا، لەمزگەوتو نێوخانەوادەکاندا، لەشەروململانێکانماندا، لەخۆشیو شادیماندا گوێمان لەهەموو ئەو دەستەواژە ترسناكو کەرامەتشکێنانە دەبێت، کەلە بەعسەوە بەجێماون، بۆنەو ئاهەنگەکانمان لەوبۆنەو ئاهەنگانە دەچێت کەبەعس بەرێوەی دەبردن، کەواتە شەڕکردن لەگەڵ بەعسیزم شەرکردن نیە، لەگەڵ سوپاو دامەزراوەکانی حزبی بەعسدا، بەڵکو شەکردنە لەگەڵ کەلتورێك، کەلەدوای روخانی بەعسیش ئامادەیە، ئەو لەبەرەیەکی جەنگدا یان لەسەنگەرێکی دیاریکراودانیە، ئیمە هێرشی بکەینە سەر، بەڵکو ئەو هێشتا لەگەڵماندا دەژی، سێبەری بەعسیزم بەسەرسەرمانەوەیە، زۆرجار لەدابو نەریتی پیرۆزدا خۆی حەشاردەداتو تۆناتوانیت بەئاسانی دەستی بۆبەریت، بۆیە ئازادبوون لەکەلتوری بەعس رێگایەکی ئاسان نیە، بەڵکو گەلێك سەختو دژوارە، رەنگە هەندێك جارلەدوورێیانێکدا بەندت بکاو بەزەحمەت دەتوانیت، هەناسەبدەیت، بەدەر لەوەش ئاوێتەیەك لەکلتوری بەعسیو فکری عەرەبی شۆڤێنی هێندە بەقوڵی شۆڕبووەتەوە ناوناخی تاکی ئەم کۆمەڵگایە، ئەو کاتەی زۆر خۆت بەهەق دەزانیت رەنگە داکۆکیەکەرێکی زۆرباشی بەعسیزمو کەڵچەرێکی تۆتالیتارانەبیت، ئیتر کورد پێویستە ئەوشەیتانە نوستووەی ناوناخی خۆی لەخەو هەستێنێتو بەجدی لەگەلیدا بکەوێتەوە جەنگەوە، شەیتانێك کە مرۆڤبوونی ئێمەی وێرانکردووە، خەمساردیو بێبەڵێنیو هەلپەرستی.. شەرانگێزیو فوولەخۆکردن، هەموو ئەمانە کەلەدوای کارەساتی ئەنفالەوە بوونە دەردێك بەناخی تاکی کوردەوە، مرۆڤ بوونو بڕواو متمانەیان لەم کۆمەڵگایە تۆراندووە، بۆیە سەیرنیە تاکی ئەم ووڵاتە هیچ ئینتمایەکی نەمێنێو متمانە بەهیچ نەکات، ئەو کلتورە هارو سەرشێتە لەگرنگترین پێگەی ژیانیدا لەگەڵیدایە، پەتپەتینو گۆڕانی خێراو غروربوون یەکێکن لەپەتا مەترسیدارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان، دورنیە ئەوەی ئەمرۆ دەستی یارمەتی بۆدرێژدەکەیت، سبەی بەدڵرەقییەوە ئینسانبوونت بداتە بەرتانەو تۆمەت. ئەم بێمتمانەیە بۆنی ژیانی لێنایات، خۆشەویستی دەکوژێو لەئازادی دورمان دەخاتەوە.

ئیدی کۆمەڵگەی دوای بریاری دادگا، هەقوایە سەرلەبەری ژیانی خۆی بگۆڕێ، بەهابۆمرۆڤ بوونی خۆی بگێرێتەوە، ئاخر ئەگەردیقەت بدەین، ئێمە هێندە ناتەباین لەگەڵ ژیان، خەریکە هاوکێشەی ژیانو مردن دەشێوێنینو بەتەواوی لەیەکیان نزیکدەکەینەوە، مەرگدۆستیەکی بێ ئامان بەرۆکی گرتووین، فەرامانگەو خانەوادەو خیابان، لێوانە لەئینسانی شێواو، لەگەنجی خەمساردو سیاسەتمەداری

بێ سەقافەت، پرە لەنوسەری نەخوێندەوار، لەپیاوماقوڵی ناپیاو "شەرانگێزوقۆڵبڕ" ئەمانە میراتی بەعسن، ئەوە ترسی بەعسە لەبری عاقڵکردن، هەتا ئەمرۆ چەواشەی کردووین‌و بەتەواوی لەمومارەسەی عەقڵانیەت دابڕیوین، وای لێکردووین، رۆژێک خۆمان بەقوربانی بزانین‌و رۆژێك بەجەلاد، ئەمڕۆچەپلە بۆدەسەڵات دەکوتین‌و لەکێبەرکیدا یەکتری لەت‌و پەتدەکەین‌و سبەی لەسۆنگەی گەندەڵییەکانەوە دەست دەکەین بەپرتەپرت‌و بۆڵە بۆڵ.

پێموایە یەکلایی کردنەوەی تاوانی جینۆساید، دەستکەوتێکی گەورەیە لەمێژوی ئێمەدا، حیکایەتەکانی ئەنفال‌و سزادانی تاوانبارانی کوردو عەرەب ڕوداوی ئاسایی نین، بەڵکو دەشێت ئەوانە رێگامان بۆ هەمواربکەن، تا سەرلەبەری دنیامان بۆبگۆرن، بۆئەوەی بەقوڵی دەستکاری ژیانمان بکەین.

دەشێت ئیتر هاوکێشەکان پێچەوانەو ئاوەژوو بکەینەوە، ئەوانەی دوێنێ جەلادبوون‌و بەتەنیشت قوربانیەکانمانەوە دەژیان رێگەیان نەدەین بە بێلێپێچینەوەی دادگا بەتەنیشتمانەوە دانیشن، رێگە نەدەین بەرپرسەحزبی‌وحکومیەکانمان بەهەمان نەغمەو مەزاجی بەعسیانەوە کاربەرێوەبەرن، ئیدی وەختی ئەوە هاتووە کەلتوری بەعس ببێتە شەرمێکی گەورە لەژیانماندا،  وەختی ئەوەهاتووە ئەو پرسیارە گرنگە روبەرووی دنیا بکەینەوە داخۆ پەیماننامەی لۆزان دەقی موقەدەسەو قابیلی گۆران نیە؟ ئەو پەیماننامەی رێگەی هەموارکرد بۆئەوەی تاوانی گەورەمان دەرهەق بکرێت، دڵنیام لەداوای دۆسێی ئەنفالەوە مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەزانن چ داوایەکی قورسمان لێی هەیە، داوایەکی ڕەوا، گەڕانەوە بۆ مافی مرۆڤبوون، هەربۆیەشە ئەو لەئێمە زارەترەکترە، ئەمرۆبێت یان سبەی دەبێت ئەو پرسە ڕووبەروی مرۆڤایەتی بکەینەوە، پرسێك کە جورئەتی تێدابێ‌و نیەتی مرۆڤبوونمان نمایش بکات، راستە لەپەل‌و پۆکەوتووین، بەڵام هێشتا هەرزیندووین‌و قسەیەکمان لەگەڵ ژیاندا ماوە، هێشتا دەتوانین بێینەوە ناوژیان.